مەسعود بارزانی لە 36ـەمین ساڵیادی ئەنفال پەیامێکی بڵاوکردەوە

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 36ـەمین ساڵیادی ئەنفال پەیامێکی بڵاوکردەوە و وتی: ڕاستە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و تاوانکانی تر تووشی شکست بوون و کۆتنە زبڵدانی مێژوو، بەڵام ئاسواری ئەو جینۆساید و زوڵمی لە دژی گەلەکەمان کران هەر ماون و برینکانی گەلەکەمان ساڕێژ نەکراون.

هەر لە پەیامەکەدا بارزانی دەڵێ: بەداخەوە هێشتا دەنگ و ڕەنگی شۆڤێنی بە دژایەتیکردنی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەبیندرێت. ئەرکی سەرشانی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراقە کە کار بۆ قەرەبووی ئەنفال و ئەو جینۆسایدە و زوڵمە بکەن کە لەبەرانبەر گەلی کوردستاندا ئەنجام دراوە و پێویستە ڕێگە لە هەموو جۆرە هەوڵ و سیاسەتێکی شووم بگرن کە بە دیدێکی شۆڤینی و نکۆلیکارانەوە سەیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن.

هەروەها ڕایگەیاندووە، لە یادی 36 ساڵەی تاوانی ئەنفالدا پێزانینمان بۆ قوربانیدان و خۆڕاگریی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان هەیە و سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی ڕێگەی

ئازادیی کوردستان.

ئەمش دەقی پەیامەکەیە

پەیامی مەسعود بارزانی لە یادی سی و شەش ساڵەی ئەنفال

بەناوی خودای مەزن و دلۆقان

شاڵاوی ئەنفال یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکانی ژێمی پێشووی عێراق کە بە ئامانجی سڕینەوە و لەناوبردن و قڕکردنی مرۆڤی کورد ئەنجام درا. لەو کەمپەکوژی و جینۆسایدەدا کە لە چەند قۆناغ و بە شێوەیەکی ڕەکخراو سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، سەدوهەشتا هەزار هاووڵاتیی بێتاوانی کوردستان بەسەروشوێن و شەهید کران. لەگەڵ ئەوەشدا کیمیابارانکردنی کوردستان و وێرانکردنی هەزاران گوند و پلانی بەعەرەبکردن و ناگواستنی زۆرملە و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و دیموگرافی و کەمەنایەتی و دەروونی کوردستان بەشێکی تری ئەو تاوانانە بوون کە بەشێوەیەکی ڕەکخستوو و ئامانجدار لەلایەن ژێمی عێراق بەرانبەر گەلەکەمان ئەنجام درا.

هاستە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و تاوانەکانی تر تووشی شکست بوون و کۆتنە زبڵدانی مێژوو بەڵام ئاسەواری ئەو جینۆسایدە و زوڵمی لەدژی گەلەکەمان ئەنجام دران هەر ماون و بریندەکانی گەلەکەمان ساڕێژ نەکراون. سەرباری ئەو ستەمە گەورەیەی لە گەلەکەمان کراوە بەداخەوە هێشتا دەنگ و ڕەنگی شۆڤێنی بە دژایەتیکردنی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەبیندرێت. ئەرکی سەرشانی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراقە کە کار بە قەرەبووی ئەنفال و ئەو جینۆسایدە و زوڵمە بکەن کە لەبەرانبەر گەلی کوردستاندا ئەنجام دراوە و پێویستە ڕەگەڵ لە هەموو جارە هەوە و سیاسەتەکی شووم بگرن کە بە دیدەکی شۆڤینی و نکۆلیکار سەیری مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن.

لە یادی سی و شەش ساڵەی تاوانی ئەنفالدا پێزانینمان بۆ قوربانیدان و خەباگریی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان هەیە و سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی ڕەگەزی ئازادیی کوردستان.